دەوری «ب» لەڕووی وشەسازییەوە

مۆرفۆلۆجی زانستێکە، لە پێکهاتن و شێوەی گۆڕانی وشەی زمان دەکۆڵێتەوەو، کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ئەم ئاستە، واتە (مۆرفۆلۆجی)، مۆرفیمە، مۆرفیمیش بەردی بناغەی پێکهاتنی وشەی زمان دەگەیەنێت و دادەنرێت. ئەو مۆرفیمەی دەوری داڕێشتنی وشە دەبینێ، بەمۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجی دەژمێردرێ و، مۆرفیمیش بە بچووکترین پارچەی واتاداری زمان دادەنرێت، کە واتادار بێ، ئەرکی ڕێزمانی ببینێ و، کە نەتوانرێ لەوە زیاتر بچووکتر بکرێتەوە، چونکە بچوک کردنەوەی، واتاو ئەرکی مۆرفیمی، خۆی لەدەس دەدات.

ئەمە وەکو سەرەتایەک، بۆ باسەکەمان پێویست بوو، بخرێتەڕوو، ئەوەی ئێمە لێرەدا، مەبەستمانە بیخەینەڕوو، لێکۆڵینەوەی لە بارەیەوە ئەنجام بدەین، مۆرفیمی «ب»ی مۆرفۆلۆجییە، کە دەوری خۆی لە پێکهاتنی وشەی تازەدا دەبینێ بەچوونەسەر، وشەی تر کە واتای تازەی دەداتێ.

مۆرفیمی «ب» لە وشەسازی کوردیدا، دەوری جۆربەجۆری داڕێشتن دەبینێ، لە دروست کردنی وشەی تازەی سەر بەئاستی مۆرفۆلۆجی.

ئەوەی لەم باسەدا، ڕوونی دەکەینەوە، دەربارەی مۆرفیمی «ب» و دەوری لە

وشەسازی کوردیدا، ئەم مۆرفیمە، یەک شێوەی (مۆرف)ی هەیە لەناو قاڵبی پێکهاتنی وشەکاندا، واتە بەیەک شێوە لە داڕێشتنی وشەی مەبەست جیاجیا دەردەکەوێ.

مۆرفیمی «ب» یا پێشگری «ب» ئەم دەورانەی هەیە، لە داڕێشتنی وشەسازی کوردیدا:

١- بەشداری لە داڕێشتنی فرمانی داخوازی، وەکو پێشگرێک دەکات، بەم شێوەیە لە ڕەگی ڕانەبردوو فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕەوە:

مۆرفیمی وشەداڕێژ + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناوی لکاو

ب + نووس + ە/ن ـــــــ بنووسە - بنووسن

ب + کڕ + ە/ن ـــــ بکڕن (بۆ تاک و کۆ)

ب + فڕ + ە/ن ـــــ بفڕە - بفڕن (بۆ تاک و کۆ)

ئەم جۆرە داڕێشتنەی فرمانی داخوازی، بەهۆی پێشگری (ب)ەوە، لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردووی فرماندا، کە بەهۆی دەستوورێکی تایبەتییەوە وەردەگیرێ(١).

٢- «ب» وەکو مۆرفیمێکی وشە داڕێژ، فرمانی ڕابردووی مەرجی دروست دەکات لە ڕەگی فرمانی ڕابردووی فرمانی تێنەپەڕەوە:

پێشگری مەرجی + ڕەگی ڕابردووی فرمان + پاشگری (ایە)

ب + کەوت + ایە ـــــ بکەوتایە

ب + خوارد + ایە ـــــ بخواردایە

ب + سووتا + ایە ـــــ بسوتایە

ب + کێڵا + ایە ـــــ بکێڵایە

٣- مۆرفیمی «ب» و داڕێشتنی فرمانی ڕانەبردووی (ئیلزامی) لە ڕەگی ڕانەبردووی تێنەپەڕو تێپەڕەوە بەم شێوە پێشگری (ب) + ڕەگی ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ + ڕاناو

ب + نووس + م ـــــ بنووسم

ب + کڕ + م ـــــ بکڕم

ب + فڕ + م ـــــ بفڕم

ب + خەو + م ـــــ بخەوم

٤- مۆرفێمی «ب» ناوی بکەر لە ڕەگی ڕانەبردووی فرمانی تێپەڕەوە دروست دەکات(٢)، یا هەندێ جار بەتایبەتی بەشێوەی لێکدراوی ئاوەڵناوی بکەر دروست دەکات واتە ئەگەر ڕەگەکە وشەیەکی واتاداری لەگەڵدابێ؛ نموونە:

بۆ ناوی بکەر

پێشگری (ب) + ڕەگی ڕانەبردووی(٣) تێپەڕ = ناوی بکەر

ب + کڕ ـــــ بکڕ لە (کڕی) ڕەگی ڕابردوو

ب + نووس ـــــ بنووس لە (نووسی) = =

ب + گێر ـــــ بگێر لە (گێرا)

ب + کوژ ـــــ بکوژ لە (کوشت) = = گۆڕینی (ش ـــــ ژ)بەپێی یاسای گۆڕین(Dissimilation)دەنگی(ش)بۆتە (ژ).

ب + بڕ ـــــ ببڕ لە (بڕین) = =

بۆ ئاوەڵناوی بکەر:

ئاوەڵناوی بکەر:

ئاوەڵناو + پێشگری (ب) + گیر ـــــ ڕەشبگیر

زۆر + ب + ڵێ ـــــ زۆر بڵێ (ڕەگی - وتن - (ڵێ)یە)

لە چاوگە ناوێزەکان ڕەگی ڕانەبردووی فرمانی تریش ناوێزەن وەکو کوژ لە (کوشتن)ەوە، گەز لە (گەستن)ەوە.

خۆر لە (خواردن)ەوە بەهۆی گۆڕانی فۆنۆلۆجییەوە کپ کار دەکاتە سەر ئاوازدارو دەیگۆڕێ و کپی دەکات یا بە پێچەوانەوە بەپێی یاساکەی

پێشو(گۆڕین).

٥- پێشگری (ب) لە ڕەگی ڕانەبردووی تێپەڕەوە فرمانی بکەر نادیار بەشێوەی (گومان و مەرج) دروست دەکات دەشێ پێی بوترێ زمانی بکەر نادیاری مەرجی بۆ ڕابردوو

پێشگری (ب) + ڕەگی ڕانەبردوو + نیشانەی تێپەڕی نادیار + نیشانەی کاتی ڕابردوو

ب + نووس + ر + ا ـــــ بنووسرا

ب + کێڵ + ر + ا ـــــ بکێڵرا

بۆ ڕانەبردوو بەهەمان شێوەی ڕابردووە تەنها نیشانە(١)ی کاتی ڕابردوو دەگۆڕێ بە (ی) بۆ کاتی ڕانەبردوو، بەم جۆرە:

ب + نووس + ر + ێ ـــــ بنووسرێ

ب + کێڵ + ر + ێ ـــــ بکێڵرێ

ب + کوژ + ر + ێ ـــــ بکوژرێ

بە زۆری لەم نیشانەی (ر)ی نادیاری، لەلایەن ڕێزمان نووسەکانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی شوێن ڕێزمانی کۆن کەوتوون، لەگەڵ نیشانەی کاتی ڕابردوو (ا)و(ێ) ڕانەبردوویە تێکەڵیان کردووەو بە (را)ی ناودەبەن، بۆ ڕانەبردوویش بە (رێ)، کە ڕاستییەکەی ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەم نیشانەیە، لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە (ر)ی نادیارو (ا) و (ێ) نیشانەی کاتی ڕابردوو ڕانەبردوویی.

دوای ئەوەی دەوری پێشگری (ب)، لە داڕێشتنی فرمانی داخوازی و، فرمانی ڕابردوو و ڕانەبردووی مەرجی (ئیلزامی) و ناوی بکەرو ئاوەڵناوی بکەرو فرمانی بکەر نادیاری مەرجی خستە پێش چاو، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لەو شوێنە جیاوازانەدا، پێشگرو مۆرفیمی (ب) بەیەک شێوە

(مۆرف) چەند داڕێشتن و مەبەستێکی جیاواز، وەک ئەرک و دەور لە داڕێشتن دەگرێتە خۆی بەم جۆرە:

بخۆ، بڕۆ، بنووسە، (بۆ داخوازی)

بکەوتایە - بنووسیایە (بۆ رابردووی مەرجی)

ب بکەوم - بنووسم - بچم (بۆ رانەبردوو مەرجی)

بخۆر - بکڕ - بفرۆش - رەشبگیر (ناو و ئاوەڵناوی بکەر)

بکێڵرا - بکێڵرێ (فرمانی بکەر نادیار رابردوو و رانەبردوو)

بەمەدا دەرکەوت مۆرفیمی «ب» بەیەک شێوە بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێت و لەم وێنەیەدا روونی دەکەینەوە:



فرمانی داخوازی تاک کۆ	رابردووی مەرجی	رانەبردووی ئیلزامی	ناو ئاوەڵناوی بکەر	فرمانی بکەر نادیار رابردوو	فرمانی بکەر رانەبردوو	بەپێی یلسلی ئارەزوو
بنووسە/ن بنووسن بکەوە بکەون	بنووسیایە بکەوتیایە بکەوتنایە	بنووسم بخۆم بکەوم بکەوین	بنووس بکرو بفرۆش لەگەڵ تێنەپەڕدا دەرناکەوێ	بکێلر بنووسرا هەمان یاسا	بکێڵرێ بنووسرێ هەمان یاسا	دابخە داخە سەربکەوە سەرکەوە

خشتەی ژمارە «٢»

لێرەدا دەرکەوت، جیاوازییەک نابینرێ، لە نێوان شێوەی (ب)، بۆیە ئەم دیاردەیە، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە مۆرفێمی مۆرفۆلۆجی، بەیەک شێوە (مۆرف)، بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکاردەهێنرێ و، بێ ئەوەی لەناو ئەو شوێنە جیاوازانەدا، شێوەی خۆی بدۆڕێنێ بۆ ئەوەی ئەمە باشتر بسەپێنین و، بکرێتە یاسایەکی مۆرفۆلۆجی، چەند مۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجی تر، بەهەمان شێوەی نەگۆڕی مۆرفێمی (ب)، لە شوێنی مەبەست جیاوازانەی، شێوەی شەرتی خۆی بگۆڕێت، وەک مۆرفێمی (دە)ی بەردەوامی یەک شێوە دەگرێتە خۆی لە دوو مەبەستی جیاوازدا، وەک:



لێ (دە) مۆرفێمی بەردەوامییە، بەڵام بەردەوامیێکەی دوو حاڵەت و بارودۆخی داڕێشتنی جیاوازی وشەسازی کاتی رابردوو، رانەبردوو پیشان ئەدات، کە دوو تافی جیاوازی فرمانن و قاڵبی داڕێشتنی فیزیاوییان لە یەکتر جیاوازن، کە چۆتە سەر رەگی رابردوو و رەگی رانەبردوو.

مۆرفێمی یا نیشانەی (١)ی کاتی رابردوو، لەگەڵ (ێ) نیشانەی کاتی رانەبردوو، لە هەموو فرمانە کۆتایی هاتووەکان بە(ا)ی رابردوو، کە لە رانەبردوودا دەگۆڕێ بە (ێ) لە گەردان کردندا شێوەکانی خۆیان نادۆڕێنن و، تەنانەت ئەم دوو نیشانەیە، لەگەڵ رەگی رابردووی فرمانی بکەر نادیارو، رەگی رانەبردووییدا، دەرئەکەون بێ ئەوەی لە گەردانی ئەو دۆخانەیدا، شێوەیان

بگۆڕین بۆ نموونە:

سووتام — دەسووتێ م

کوژرا — خنکام — ا ــــ ێ (رانەبردوو) — دەخنکێ ن

کوژران — خنکای — بۆ نادیاری ــــ دەکوژرێ م

دەکوژرێن

بەکورتی ئەو نیشانانەی، کە حاڵەتێکی (دۆخێکی) مۆرفۆلۆجی لە دارێشتن و پێکهاتنی مۆرفیمیدا، دیاری دەکەن، بەیەک شێوە، چەند مەبەستێکی جیاوازی مۆرفۆلۆجی پێشان ئەدەن.

لە پێشەوە باسەکەمان، جۆرەکانی دارێشتنی جیاجیا پێشگری (ب) لە دارێشتنی فرمانی داخوازی و فرمانی رابردوو، رانەبردووی مەرجی (ئیلزامی) و ناو و ئاوەڵناوی بکەرو فرمانی بکەر نادیارمان پێشاندا، کە هەریەکەیان دیاردەیەکی مۆرفۆلۆجین، لە زمانی کوردیدا کە حاڵەتەکانی «داخوازی کردن و فەرمان» و «مەرج و گومان» و «تواناو جوله» دەگرتە خۆیان.

ئەوەی لێرەدا، پێویستە بخرێتەڕوو، ئەوەیە «فرمانی داخوازی» (Imperative - فعل امر) کە بە هۆی پێشگری (ب)ەوە دروست دەبێ، بەهۆی ئاوەڵفرمانی نەکردنی (نەفی) «مە»ەوە نەفی دەکرێ لە روودان، کەچی «ب»، کاریگەری خۆی، بەبوونی (مە)ی نەکردنەوەش وەکو (داخوازی کردن و فەرمان) لە دەس نەداوەو، هەمان مەبەستی داخوازی نەدۆڕاندووە، نموونە:

بکە ــــ مەکە

چەمکی (ب) — مەخۆ — (مە) — چەمکی نەکردن

داخوازی — برۆ ــــ مەڕۆ — و داخوازی هەیە

و فرمان — بنووسە ــــ مەنووسە

هۆی نەدۆڕانی کاریگەری پێشگری (ب)، لە حاڵەتی بوونی (مە)ی نەکردن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە (ب) مۆرفیمێکی بنەڕەتی وشەی فرمانی داخوازییەو، (مە) و یا پێشگری تر، گەر شوێنی بگرێتەوە، بوونی و کاریگەری خۆی، لەناو ئەو پاشگرە جێگرانەی کە لەلاوە، بۆ مەبەستی تری بەکارهێنان و دارێشتنی هاتووەنەتە ناوەوە، لە دەست نادات، واتە شێوەی تازەی فرمانە داخوازییەکە، چەمکی «داخوازی و فەرمان کردن»ی خۆی پێوە دەبێنێ، کەچی ئەگەر ئەم دیاردەیە، پێچەوانە بکرێتەوە، لە دارێشتنیدا بەم شێوەیەی خوارەوە، چەمک و کاریگەری (مە)ی نەکردن و، پێشگری تر، کە فرمانە داخوازییەکان، لە سادەوە دەکەن بەدارێژراو، پێوەی نامێنێ، واتە بەفرمانەکەوە لە حاڵەتی بوونی پێشگری (ب)ی داخوازی نموونە:



کردنە یەکەمەو بەپێی یاسایەکی بە ئارەزوو Optional بێجگە لە (مە)ی نەکردن، پێشگرەکانی تری (دا، ڕا، هەڵ، پێ، تێ...) کە فرمانی داخوازی دارێژراو دروست دەکەن ئەتوانرێ پێشگری (ب)ی داخوازی لەگەڵیاندا، بەکار نەهێنرێ و، دەشتوانرێ بەکار بهێنرێ بەکارهێنان و بەکار نەهێنانی لە چەمکی فەرمانە داخوازییەکە، بەشێوەی دارێژراوی دروست دەکەن و، کاریگەری پێشگری (ب) پێیانەوە دیارە، بەڵام کاریگەری خۆیان، واتە (دا، ڕا، هەڵ..)

بەووە دیار نییە، هۆی ئەمەش ئەوەیە پێشگری (ب) نیشانەیەکی رەسەنی دروست کردنی فرمانی داخوازییە، ئەمەش بەم نەخشەیەی خوارەوە روون دەکەینەوە:

١) دا
ڕا ـــــ ب ـــ کە ـــ ◄ کەن دابکە ـــــ دابکەن
هەڵ

٢) دا
ڕا ـــــ کە / کەن
هەڵ

٣) بکە (ن)
بۆ دۆخی نەکردن مە کە (ن)

مە + بکە
مە کە

ئەم دیاردەیەی سەرەوە، بەوەی کە پێشگری (ب) داخوازی دەتوانرێ، بەئارەزوو لەناو پێشگرەکانی ترا، کە فرمانی داخوازی دارێژراو لادەبرێ، کەچی کاریگەری دەمێنێ، بەڵام هی ئەوان لەناو (ب)دا کاریگەری یان نابینرێ، بەلابردنیان ئەمە رەسەنایەتی، پێشگری (ب) دەگەیەنێ، بەوەی کە نیشانەی بنەڕەتە فرمانی داخوازییە، لە زمانی کوردیدا، بەڵام پێشگری «دا، ڕا، هەڵ...» لەولاوە هاتوونەتە ناو وشەی فرمانەکە. (بڕوانە وێنەی (١) و (٢).

حاڵەتی دووەم، بەچوونە سەری (مە)ی نەکردن، پێشگری (ب) فرمانی

داخوازی لەناویدا دەتوێتەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی، بە «داخوازی و فەرمانی کردن» بەهۆی «مە»وە پێوە دیارە، کاریگەری و چەمکی «ب» تیایدا لە دەس نەدراوی. بڕوانە وێنەی(٣).

بەڵام لە دۆخی بوونی (ب)ی داخوازی، (مە)ی نەکردنی پێوە چ بەشێوە و چ وەکو تێگەیشتن دیار نادات، چونکە (مە) لەلاوە هاتووەو (ب)ش بنەڕەتی وشەکەیە.

لەلایەکی ترەوە، ئەم بەڵگانەی سەرەوە، ئەوە دەگەیەنن، ئەمانەی لای خوارەوە وەکو راستی یەک بخەینەڕوو.

١- ڕێژەی فرمانی داخوازی، بریتییە لە (پێشگر + رەگی رانەبردوو + راناو)، هەر پێشگرێکی تر، بێجگە لە ڕێژەکەی خۆی، کە بەهۆی (ب)ەوە پێکدێت، جێگە و واتای(ب)ی فرمانی داخوازی دەگرێتەوە وەک: بکە ـــ راکە، تێکە، پێکە، هەڵکە، جێکە، یا بەلێکدراوی نان بخۆ (نان خۆ)، کارکە، رێکە، سەیرکە...

٢- بە نەکردن و روونەدانی فرمانی داخوازی، بەهۆی (مە)ی ئاوەڵفرمانی نەکردنەوە چەمک و کاریگەری (ب)ی فرمانی داخوازی نادۆڕێت.

٣- پێشگری (ب) لە وشەسازی کوردیدا، بەیەک شێوەو (مۆرف) لە چەند مەبەستێکی جیاوازی بەکارهێنانی داڕێشتنی مۆرفۆلۆجی بەکاردەهێنرێ، وەک رابردوو، رانەبردووی مەرجی (ئیلزامی)و ناوو ئاوەڵناوی بکەرو فرمانی بکەر نادیار، لە شێوەی مەرج و گوماندا.

٤- مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی، بەزۆری یەک شێوە (مۆرف) لە بەکارهێنانی جیاوازدا دەگرێتە خۆی و گۆڕانی بەسەردا نایەت، نموونە:

بکردایە، بنووستایە، ببڕ، بکوژ، رەشبگیر، زۆربلێ، بکەم، بڕۆم، بنووسرا، بنووسرام، بنووسرێم.

٥- بەپێی یاسایەکی بە ئارەزوو Optional لە حالەتی دروست بوون و، پێکهاتنی وشەی دارێژراو و لێکدراوی فرمانی داخوازی لادەبرێ و، پاشگری تر بەهەمان واتا شوێنی دەگرێتەوە وەک (بکە - داکە، راکە...)

٦- مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی، بریتییە لەو مۆرفێمەی کە ئەچێتە سەر مۆرفیمی ترو، وشەی تازەی، خاوەن ماناى تازە دروست دەکا (٤) لەم پێناسەیەوە، ئەوەمان بەپێی باسەکەی سەرەوە، بۆ روون دەبێتەوە، ئەو مۆرفیمانەی، کە دەچنە ناو دروست بوون و، دارێشتنی وشە تازەو دارێژراوەکانەوە، لە گەردان کردندا دەمێننەوە یا بەنەمانی شێوەکەشیان (مۆرف Morph) چەمک و کاریگەریان، لە دەس نادەن وەک (ب)ی فرمانی داخوازی، لە حالەتی دارێژراوی مۆرفیمی (دە)ی بەردەوامی، لە حالەتی فرمانی دارێژراوی رابردوو. رانەبردوودا بەم شێوەیە:

دەچووم هەڵدەچووم هەڵەچووم

(ە)ی پاشکۆی پێشگری (هەڵ) جێگری (دە)ی بەردەوامییە، بەشێوەی کورت کردنەوەو مانەوەی واتای (دە).

دەچم هەڵدەچم هەڵچم شوێنی (دە)یە

کردنەوە کردمەوە بیکەوە

کەچی بوونی ئەم دیاردەیە، لە ئەلەمۆرفی رێزمانی پێچەوانەی ئەم دیاردەیە مۆرفۆلۆجییەی سەرەوەیە چونکە مۆرفیمی رێزمانی یا ئەلۆمۆرفی رێزمانی (بە) شێوەی جیاجیا بە پێی شوێنی جیا بۆ تاکە مەبەست و یەک ئەرک و دەوری ئەدرێتێ. وەک:

(ەکە)ی ئامرازی ناساندن و (ان)ی نیشانەی کۆ

ەکە کە ەک ک یان ان وان

رێوی یان کچان خانووان

پەراوێزەکان:

١- د. وریا عومەر ئەمین، چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجی دارێشتنی فەرمان، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٩)ی ١٩٨٦، ل٢٥٨-٢٦٣ .

٢- رەفیق محەمەد، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر، ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨، ل٩٨-١١٠ .

٣- بۆ دۆزینەوەی رەگی فرمانی رابردوو، رانەبردوو، بڕوانە وتاری د. وریا عومەر ئەمین «کات و نیشانەی فرمان» کاروانی (٩٢) ساڵی ١٩٩١ . ئەم یاسایە خراوەتەڕوو.

٤- د. وریا عومەر ئەمین، (مردنی وشە) گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤٥)، ١٩٨٦ ل٨-١٤ .

٥- د. وریا عومەر ئەمین، ئەلۆمۆرفی رێزمانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٢)، ١٩٨٩ ل١٦٦-١٦٩ .

سەرچاوەکان:

١- رەفیق محەمەد، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر، ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨ .

٢- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ١٩٨٦ .

٣- کۆڕی زانیاری کوردی، رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦ .

٤- ک. کوردوییف. رێزمانی کوردی، وەرگێڕانی لە رووسییەوە، د. کوردستان موکریانی، هەولێر ١٩٨٤ .

٥- د. وریا عومەر ئەمین، ئەلۆمۆرفی رێزمانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٢) - ١٩٨٩، ل١٦٦-١٦٩ .